ئەهلی کتێب نە بەڕاستگۆ و نە بەدرۆزنیان بزانن، وبڵێن: {آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا} واتە: {ئیمانمان هێنا بە اللە وئەوەی دابەزێندراوە بۆمان -قورئان-}

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەهلی کتێب تەوراتیان بە عیبرانی دەخوێندەوە، وبە عەرەبی ڕاڤەیان دەکرد، پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «ئەهلی کتێب نە بەڕاستگۆ و نە بەدرۆزنیان بزانن، وبڵێن: {آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا} واتە: {ئیمانمان هێنا بە اللە وئەوەی دابەزێندراوە بۆمان -قورئان-} -[البقرة: 136] -هەتا کۆتایی ئایەتەکە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- هۆشداری داوە لە تووشبوون بە هەڵخەڵەتاندن وسەرسامی بەوەی ئەهلی کیتاب -جولەکە وگاورەکان- دەیگێڕنەوە لەنێو کتێبەکانیان، جولەکەکان لەسەردەمی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- تەوراتیان بەزمانی عیبری دەخوێندنەوە؛ ئەمیش زمانی جولەکەکانە، وبە زمانی عەرەبی ڕاڤەیان دەکرد، پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: ئەهلی کیتاب بەڕاست دامەنێن و بەدرۆزنیان مەزانن، ئەمە لەشتێکدا کە نەزانرێت ڕاستە یان درۆیە؛ چونکە خوای گەورە -سبحانە وتعالی- فەرمانی پێمان کردووە کە باوەڕمان بەوە هەبێت کە دای بەزاندووە بۆمان لە قورئان، وئەوەی دای بەزاندووە بۆ سەر ئەوان لە کتێبەکان، بەڵام هیچ ڕێگایەک نیە بۆ ناسینەوەی ئەوەی ڕاستە ودروستە لەوەی چەوت وهەڵەیە لەنێو ئەو کتێبانەدا ئەگەر لە شەریعەتی ئێمەدا شتێک نەهاتبێت بۆ جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە تێیاندا، ئەگەر هیچ بەڵگەیەک نەبوو ئەوا دەوەستین، بەڕاستگۆیان نازانین؛ بۆئەوەی نەبینە هاوەڵیان لەوەی دەستکاریان کردووە، وبە درۆزیان نازانین؛ لەوەیە ڕاست ودروست بێت، لەم حاڵەتەدا نکۆڵی دەکەین لەوەی فەرمانمان پێکراوە باوەڕمان پێی هەبێت، وپێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمانی پێمان کردووە کە بڵێین: ﴿آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ واتە: ﴿ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوەو بەو قورئانەش کە دای بەزاندووە بۆمان و بەوەش کە دای بەزاندووە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی یەعقوب، هەروەها بەو پەیامەی کە بۆ موساو عیسا هاتووە و بەو پەیامانەی کە بۆ پێغەمبەران بەگشتی ڕەوانە کراوە لە لایەن پەروەردگاریانەوە و ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کام لەو پێغەمبەرانەدا، ئێمە هەموومان تەنها تەسلیمی فەرمانی پەروەردگارین﴾ [البقرة: 136].

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65046